# بۆ هەندێك لە سوونەكانی عەرەب بە(نا) دەنگ بۆ دەستور دەدەن؟

مەجید سالْح

قسەكردن لە سەر عیراقی ئایندەو ئەوەی لە میدیاكاندا پێی دەوترێت( عیراقی نوێ)، ناچارت دەكات چاوێك بە ڕابردووی هەشتاو چوارساڵەی ئەو وڵاتەدا بخشێنیتەوە كە بەشی هەرە زۆری بەناكۆكی وبێبەشكردنی زۆرینەی پێكهاتەكانی وڵاتەكە بردووەتە سەر. مەبەست لەچاوخشانەوەش ئەوەیە"ئاخۆ دەكرێت ئەم عیراقەی ئێستا كە گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی سفری دامەزراندنەوە، بە هەمان میتۆدی ڕابردوو دروست كرێتەوە؟ یاخود پێویستە عیراقیەكان بە هاوكاری دۆستەكانیان و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە گۆڕاوەكانی دونیا، سەر لەنوێ وڵاتێك پێكەوە بنێن كە هەموو پێكهاتەكان بە شێوەیەكی ئارەزوومەندانە و بە ئیرادەی ئازادی خۆیان وردەكارییەكانی ئەو پێكەوەژیانە دارێژن.

مێژووی دروست بوونی عیراق بۆمان باس دەكات كە عیراقی پێشوو،لە ساڵی ١٩٢١ و هەلومەرجێكی تەواوئاڵۆزی پاش جەنگی جیهانی یەكەم و بە دەر لە ئیرادەی تەنانەت خودی عەرەبە سونییەكانی عیراقیش، (كە دواتر بوون بە تاكە دەسەڵاتی وڵات) لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزییەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی ئەو نەتەوەیە دامەزراو. دواترلە ساڵی ١٩٢٦ بە زەبروزەنگێكی زۆر، باشوری كوردستانی خرایە سەر. لەو كاتەوە بەم لاوە نە عەرەبی شیعە و نە كوردی بە زۆربە عیراقیكراو ونە سوونی دەسەڵاتدار نەیانتوانیوە لە سایەی ئەم وڵاتەدا بحەوێنەوە .

بەدرێژایی نزیك لە نیو سەدە ناسیۆنالیزمی عەرەبی كە خۆی لە عەرەبە سونەكانی عیراقدا دەبینێتەوە، نەیتوانی ئەو (یەكێتی نیشتمانی و گەلی عیراق) كە كردبویە بەرنامەی خۆی لە وڵاتەكەدا بێنێتەدی. نە لەرێگەی ئەودەستورە هەمیشەیەی وكاتیانەی كە لە سەردەمی مەلیكی و كۆماری وكودەتاكاندا دەین خستە روو، نە بە بەكارهێنانی زەبرو زەنگ وتوندو تیژی و بەكارهێنانی چەكی كیمیایی و بایلۆژی. بەكەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجە نێوخۆیی و نێو نەتەوەییەكان، توندڕەیی وتاك ڕەویی و فاشیزمی عەرەبی سوونی كە ترۆپكەكەی (حزبی بەعسی عەربی سۆسیالیست)بوو، گەیشتە رادەی پراكتیزەكردنی جینۆسایدی نەتەوەی كورد.

روخانی دەسەڵاتی بەغدا لە ٢٠٠٣/٤/٩بەدەستی هاو پەیمانەكانەوە، دەروازەی لە بەردەم دوو ئەگەری هاوتەریب لە عیراقدا كردوە، یەكەمیان دابەش بوونی عیراق وهەڵوەشانەوەی ئەو پێكهاتەیەی كە

هەیـەتی" دووهەمیشـیان یەکخسـتنەوەی عـیراق لــە سـەر بنەمایـەکی یەکسـانی و رەزامەنـدی هـەموو پێکهاتەکانی وڵاتەکە.
کاردانەوەی کورد بۆ هەردوو ئەگەرەکە دەکرێت بەم شێوەیە تەماشای بکرێت، لە سەر ئاستی شەعبی وەك لە ریفراندۆمی مانگی کانونی یەکەمدا دەرکەوت نزیکەی ٩٨٪ گەلی کوردستانی عیراق دەیانەوێت چیتر لە چوارچێوەی عیراقدا نەژین وسەربەخۆیی رابگەیەنرێت، بەڵام لە سەر ئاستی سەرکردایەتی سیاسی پارتەکانی کوردستاندا خەیاری فیدرالیزم بە رێگەچارەی گونجاو دانراوە بۆ ئەم قۆناغە. ئەوەی تایبەت بێت بە عەرەبی شیعە( جگە لە رەوتی سەدر)، لە سەر ئاستی رەسمی وشەعبیدا یەك پارچەیی خاك وگەلی عیراقیان پێ پەسەندە بەو مەرجەی لە سەر بنەمای فیدرالیزمی ئیداری بێت و باڵا دەستی دەسەڵاتی زۆرینەیان بۆ دەستەبەر بکات. تێروانینی کورد وعەرەبی شیعە بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عیراق لە زۆر رووەوە هاوتەریب وتەنانەت وەك یەکن. هەر لەبەرئەوەشە پرۆژەی دەستورە هەمیشەییەکەی عیراق کەوا چاوەڕوان دەکرێت لە ١٠/١٥ریفراندۆمی بۆ بکرێت، بەلای هەردوولاوە پەسەندەو کار بۆ ئەوە دەکەن زۆرترین دەنگی( بەڵێ )ی بۆ کۆ بکەنەوە.
بە پێچەوانەوە، عەرەبی سوونە بە تایبەت ئەوانەی خۆیان لە چەند پارت وحزب ورێکخراوێکی ئاشکراو نهێنیدا یەك خستوە، زۆر بە ئاشکراو بە هەموو توانایەکی سیاسی و تەنانەت سەربازی دژی هەردوو ئەگەرەکەن و دەیانەوێت لەو ریفراندۆمەدا نەك هەر دەنگ بە ( نەخێر )بدەن، بەڵکو ئەگەر کرا گۆمی خوێن بە رێ بخەن. ئەوان کە دەسەڵاتێکی هەشتاوچوارساڵیان لە دەست چووە، لە هەوڵی گەڕانەوەی هەموو ئەو ئیمتیازانەن کە هەیانبووە ودەیانەوێت کایە سیاسیەکان بەهەمان شێوەو میکانیزمی جاران بەڕێوە بچێت.
گرتنە بەری سیاسەتی پەك خستنی پرۆسەی سیاسی لە عیراق وفەشەلهێنان بەم دەستورە لە لایەن هەندێك لە عەرەبە سوونیەکانەوە بە لای چاودێرە سیاسیەکانەوە هیچ جێگەی سەر سوڕمان نییە، چونکە وەك وتمان بێبەشکرنی زۆربەی سەرکردەکانیانەلەو نازو نیعمەتەی کە بەدرێژیی ئەو ساڵانەی دەسەڵاتداریتیان هەیانبوە لە لایەك ولە لاکەی ترەوە بوونی سیستەمێکی دیموکراسی و پەرلەمانی فیدرالی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ترسێکی گەورەی بۆ وڵاتە تۆتالیتارەکانی ناوچەکە دروست کردوە. ئەمەش وای کردوە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە لە رێگەی هاندان وزەمینەخۆشکردن بۆ عەرەبە سوونەکان، لەمپەر لە بەردەم پرۆسەی سیاسی عیراق وخواستەکانی زۆرینەی گەلی عیراق دابنێن. راستیەکی حاشا هەڵنەگرە گەر ئەم دەستورە نەتوانێت رێگەی سروشتی خوی تەی کات و هەرەس بهێنێت، ئەو یەکێتی خاك وگەلەی کە عەربی سوونە لە عیراقدا بانگەشەی بۆ دەکات و بۆی دەگری، نەك هەر نایەتە دی، بەڵکو هەڵوەشانەوەی عیراق دەبێتە شتێکی حەتمی. چونکە هیچ پێکهاتەیەکی عیراق ئامادە نییە جارێکی تر مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.